# فیقهی ئاسان: پەرتوکی پاک وخاوێنی: دەروازەی سێهەم: چوونە سەر ئاو وئادابەکانی

# الفقه الميسر: كتاب الطهارة: الباب الثالث : في قضاء الحاجة وآدابها

< kurdish - كردي - كوردی >

دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# چوونە سەر ئاو وئادابەکانی

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمدی کوڕی عەبدوڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

ئەمەش چەند مەسئەلەیەکی لەخۆ گرتووە :

**بابەتی یەکەم : ( الاستنجاء و الاستجمار ) خۆپاکردنەوە بە ئاو، و بە بەرد، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی هەریەک لەو دووانە جێگای ئەوی دیکە بگرێتەوە .**

الاستنجاء : مەبەست لەم دەستەواژەیە پاکردنەوەی ئەوەی لە پاش وپێشی مرۆڤەوە دەردەچێت بە ئاو، وە مەبەست لە دەستەواژەی ( الاستجمار ) یش، پێداهێنان وخاوێنکردنەوەی پاش وپێشی مرۆڤە بە شتێکی ڕێگا پێدراوی پاکوخاوێنی پاککەرەوە، وەك خاوێنکردنەوەی بە بەرد وهاوشێوەکانی، وە هەریەك لەم دووانەیش دەکرێت جێگای ئەوی دیکەیان بگرێتەوە بۆ خۆپاکردنەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی کە لە پێغەمبەری خواوە ( صلی اللە علیە وسلم ) ثابت وجێگیر بووە، ئەنەسی کوڕی مالیك ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە ودەڵێت : { كان رسول الله صلى الله عليه وسلم يدخل الخلاء فأحمل أنا وغلام إداوة من ماء وعنزة يستنجي بالماء } [(1)] .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) کاتێك چووە سەر ئاو، من و گەنجێکی خزمەتکاری بە جەوەنەیەکی دروستکراو لە پێست کە ئاوی تێدا بوو لەگەڵ دار گۆچانێك بۆمان هەڵگرت ووەك یارمەتیدانی بەشوێنیەوە بووین، پاشان چووە سەر ئاو و خۆی خاوێن کردووە .

هەروەها عائیشەی دایکی باوەڕدارانیش ( خوای لێ ڕازی بێت ) لە پێغەمبەری خواوە گێڕاویەتیەوە و دەڵێت، پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرموویەتی : { إذا ذهب أحدكم إلى الغائط، فليستطب بثلاثة أحجار، فإنها تجزيء عنه } [(2)] .

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (271) ڕیوایەتی کردووە، مەبەست لە ووشەی ( الإداوة ) ئەو جەوەنەیە کە لە پێست دروستکراوە وکاتی خۆی ئاوی تێکراوە .

(2) أحمد ڕیوایەتی کردووە، (108/6)، هەروەها دارە قوطنی بەفەرموودەی ژمارە (144) وە دەڵێت : سەنەدەکەی صەحیحە .

واتا : هەر کەسێك لە ئێوە چوو بۆ سەر ئاو، ئەوە با بە سێ بەرد خۆی خاوێن بکاتەوە، چونکە ئەو بەردانە جێگای خۆی خاوێن کردنەوە بە ئاو دەگرنەوە .

دیارە ( الاستجمار ) یش ئەنجام دەدرێت بە بەرد و ئەوەیشی وەك بەرد وایە لە هەر شتێکی خاوێنی ڕێگا پێدراوی پاککەرەوە، وەك کلێنس و تەختە وپارچە پەڕۆ وهاوشێوەکانیان، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) کاتێك بچوایەتە سەر ئاو بە بەرد و هەر شتێکیش وەك بەرد بوایە خۆی خاوێن دەکردەوە، وە دەبێت ئەوەش بزانین کە ( استجمار ) بە کەمتر لە سێجار پێداهێنانی بەرد یان هەر شتێك وەك بەرد وایە تەواو نابێت، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە سەلمانی فارسی ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردووە، و دەڵێت : {نهانا – يعني النبي – ( صلى الله عليه وسلم ) أن نستنجي باليمين، وأن نستنجي بأقل من ثلاثه أحجار، وأن نستنجي برجيع، أو عظم } [1] .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) ڕێگری لێکردین کە بەدەستی ڕاست خۆ پاك بکەینەوە، هەروەها ڕێگری لێکردین کە بە سێ بەرد کەمتر (استجمار) بکەین، وە ڕێگری لێکردین کە بە پیسایی و تەرسەقولی وولاخ و ئێسك خۆ پاك بکەینەوە .

## بابەتی دووەم : ڕووکردن و پشتکردنە قیبلە لەکاتی دانیشتن لەسەر ئاو .

دروست نیە لەکاتی چوونە سەر ئاو لە شوێنی چۆڵایی و بیابان بەبێ بەربەستێك ڕووت لە قیبلە بێت یان پشتت لێی بێت، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە ئەبو ئەیوبی ئەنصاری ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردووە، و دەڵێت : پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرموویەتی : { إذا أتيتم الغائط فلا تستقبلوا القبلة بغائط ولا بول، ولا تستدبروها ، ولكن شرقوا أو غربوا } قال أبو أيوب : فقدمنا الشام فوجدنا مراحيض قد بنيت قبل القبلة، فننحرف عنها ونستغفر الله عز وجل [2] .

واتا : هەر کەسێك لە ئێوە چووە سەر ئاو بۆ میز و پیسای کردن با پشت و ڕوو نەکاتە قیبلە، بەڵکو بەرەو ڕۆژهەڵات یان ڕۆژ ئاوا دابنیشێت، ئەبو ئەیوب دەڵێت : کاتێك ڕۆشتینە شام بینیمان کە سەر ئاوەکانیان بەرەو قیبلە دروستکراون، بۆیە ئێمەیش هەستاین ئەو سەرئاوانەمان خوار کردەوە - بۆ ئەەی ڕووی لە قیبلە نەبێت – وە داوای لێخۆش بوونیشمان لەخوای گەورە کرد .

---

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (262) ڕیوایەتی کردووە، مەبەست لە ووشەی ( الرجيع ) پیسایی و تەرسە قولی وولاخە .

(2) بوخاري بەفەرمودەی ژمارە ( 144) لە کتابي ( الوضوء ) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (264) ڕیوایەتیان کردووە .

بەڵام ئەگەر هاتوو سەرئاو لە نێو خانوو یان ئاوەدنی بوو، یان لە نێوان سەر ئاوەکە و قیبلەدا بەربەستێك هەبوو ئەوا قەیدی ناکات و هیچ گرفتێك نابینرێت تێیدا، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە عەبدوڵای کوڕی عومەر ( خوای لێ ڕازی بێت ) گێڕاویەتیەوە ودەڵێت : { أنه رأى رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) يبول في بيته مستقبل الشام مستدبر الكعبة } (1) .

واتا : عەبدوڵای کوڕی عومەر ( خوای لێ ڕازی بێت ) بینیویەتی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لەماڵی خۆیان میزی دەکرد و ڕووی لە شام و پشتی لە قیبلە بوو .

هەروەها مەروانی ئەصغەر دەگێڕێتەوە و دەڵێت : " أناخ ابن عمر بعيره مستقبل القبلة، ثم جلس يبول إليه، فقلتُ : أبا عبد الرحمن، أليس قد نُهي عن هذا ؟ قال : بلى إنما نهي عن هذا في الفضاء, أما إذا كان بينك وبين القبلة شيء يسترك فلا بأس " (2) .

واتا : عەبدوڵای کوڕی عومەر ( خوایان لێ ڕازی بیت ) ووشترەکەی بەرەو ڕووی قیبلە یەخدا، پاشان دانیشت بەرەو ڕووی میزی کرد، مەروان ئەڵێت : منی پێم ووت : ئەی ئەبو عبد الرحمن، ئایا ئەمە ڕێگری لێ نەکراوە ؟ لەوەڵامدا ووتی : بەڵێ ڕێگری لێکراوە، بەڵام ئەگەر هاتوو لەچۆڵای و بێ بەربەست بوو، بەڵام ئەگەر هاتوو لەنێوان تۆ و قیبلەدا بەربەستێك هەبوو هیچ قەیدی ناکات و گرفت نیە .

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باشتر وچاکتر وایە مرۆڤی موسڵمان لە ناو ماڵ و خانوو و جێگای ئاوەدانیشدا بۆ دانیشت لەسەر ئاو ڕوو لە قیبلە وپشتی لەوێ نەبێت، خوای گەورەش زاناترە ..

### بابەتی سێهەم : ئەوەی سووننەتە لەکاتی چوونە سەر ئاو بکرێت :

سوننەتە ئەو کەسەی کە دەیەوێت بچێتە سەر ئاو ئەم نزایە بخوێنێت و بڵێ : ( بسم الله، اللَّهُمَّ إني أعوذ بك من الخبث والخبائث ) وە پاشان قاچی چەپی پێش بخات بۆ چوونە ژوورەوە، واتا : خوایە پەنا دەگرم بەتۆ لەخراپەی هەموو شەیتانێکی نێر ومێ .

---

(1) بوخاري بەفەرمودەی ژمارە ( 148) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (266) ڕیوایەتیان کردووە .

(2) أبو داود بە ژمارە (11) و دارە قوطنی بە ژمارە (158) و حاکم (154/1) ڕیوایەتیان کردووە، وە دارە قوطنی بە صەحیحی داناوە، وە هەروەها حاکم وذەهەبیش هاوڕان لەگەڵیدا، وە حافظ ابن حەجەر وحازمی وئەلبانیش دەڵێن : حەسەنە، بڕوانە : ( الإرواء : بە ژمارە - 61 - ) .

وە کاتێکیش هاتە دەرەوە قاچی چەپی پێش بخات و بڵێ : ( غفرانك ) واتا : خوایە داوای لێخۆشوون لە تۆ دەکەم .

وە نابێت عەورەتی وە دەربخات تا کاتیك بەتەواوەتی نزیکی زەوی دەبێتەوە .

وە ئەگەر هاتوو لە شوێنێکی چۆڵایی وبێ بەربەست بوو، سوننەتە دوور بکەوێتەوە و بڕواتە جێگایەکەوە کە پێچ وپەنا بێت بۆ ئەوەی لەچاوی خەڵکی بەدوور بیت، بەڵگەیش لەسەر ئەمە، ئەو فەرموودەیەیە کە جابری کوڕی عەبدوڵا ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەیگرێتەوە و دەڵێت : " خرجنا مع رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) في سفر وكان رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) لا يأتي البراز حتى يتغيب فلا يرى " [1] .

واتا : لەگەڵ پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بۆ سەفەرێك چووینە دەرەوە، پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لەو سەفەرەدا نەدەچوو بۆ سەر ئاو و پیسایی کردن تا بە ئەندازەیەك دوور دەکەوتەوە کە کەسی لێ دیار نەبوایە و کەس نەیدیتبا .

هەروەها عەلی کوڕی ئەبو طالب ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە و دەڵێت : پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : " ستر ما بين الجن وعورات بني آدم إذا دخل الخلاء, أم يقول : بسم الله " [2] .

واتا : پەردەی نێوان جنۆکەکان و نێوان عەورەتی بەنی ئادەم ئەوەیە کاتێك مرۆڤ پێش ئەوە بچێتە سەر ئاو بڵێ : بەناوی خوا .

وە ئەنەسی کوڕی مالکیش لەم بارەیەوە فەرموودیەیەکی ڕایوایەت کردووە ودەڵێت : " كان النبي ( صلى الله عليه وسلم ) إذا دخل الخلاء قال : اللَّهُمَّ إني اعوذ بك من الخبث والخبائث " [3] .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) کاتێك بچوایەتە سەر ئاو – پێش چونەکەی – دەیووت : خوایە پەنا دەگرم بەتۆ لەخراپەی هەموو شەیتانێکی نێر ومێ .

هەر لەم بارەیەوە عائیشەی دایکی باوەڕداران ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەڵێت : " كان إذا خرج من الخلاء قال : غفرانك " [1] .

---

(1) أبو داود بە ژمارە (2) وە ابن ماجه بە ژمارە (335) ڕیوایەتیان کردووە، لەفزەکەیش لەفزی ابن ماجەیە، سەنەدەکەشی سەنەدێکی صەحیحە، بڕوانە : صحيح ابن ماجه (60/1) .

(2) ابن ماجه بە ژمارە (297)، وە تیرموذی بە ژمارە (606) ڕیوایەتیان کردووە، ئەحمەد شاکریش ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لە حاشیەی تیرموذیدا بە فەرموودەیەکی حەسەنی داناوە، وە شێخ ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە : صحيح الجامع الصغير، ژمارە (3611) .

(3) بوخاري بە ژمارە (142) وە موسلیم بە ژمارە (375) ڕیوایەتیان کردووە .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کاتێك بهاتایەتە دەرەوە لەسەر ئاو دەیفەرموو : خوایە داوای لێخۆشبوونت لێدەکەم .

وە عەبدوڵای کوڕی عومەر ( خوایان لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە و دەڵێت : " إن النبي ( صلى الله عليه وسلم ) كان إذا أراد الحاجة لا يرفع ثوبه حتى يدنو من الأرض " [2] .

واتا: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەگەر بیویستایە بچێتە سەر ئاو، جلوبەرگەکەی بەرز نەدەکردەوە، هەتاوەکو لە زەوی نزیك دەبوویەوە .

## بابەتی چوارەم : ئەوەی حەرامە بۆ ئەکەسەی دەچێتە سەر ئاو ئەنجامی بدات :

حەرامە میزکردنە ناو ئاوی ڕاوەستاوە، بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە جابری کوڕی عەبدوڵا ( خوای لێ ڕازی بێت ) لە پێغەمبەری خواوە ( صلى الله عليه وسلم ) دەیگێڕێتەوە، ودەڵێت : " نهى عن البول في الماء الراكد " [3] .

واتە : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ڕێگری کردووە لەوەی میز بکرێتە ناو ئاوێکی وەستاوەوە .

وە نابێت بەدەستی ڕاستی زەکەری بگرێت لەکاتی میزکردندا، وە نابێت دەستی ڕاستیشی بەکار بهێنێت بۆ خۆ پاککردنەوە، لەبەر ئەوە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : " إذا بال أحدكم فلا يأخذن ذكره بيمينه، ولا يستنجى بيمينه " [4] .

واتا : ئەگەر هەرکەسێکتان میزی کرد با بەدەستی ڕاستی زەکەری نەگرێت، وە ئەگەر خۆیشی پاککردەوە با بەدەستی ڕاستی خۆی پاك نەکاتەوە .

(1) أبو داود بە ژمارە (17) وە تیرموذی بە ژمارە (7) ڕیوایەتیان کردووە، وە تیرموذی ووتویەتی : ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی حەسەن و غەریبە، وە شێخ ئەلبانیش بە حەسەنی داناوە، بروانە : بروانە : صحيح الجامع الصغير، ژمارە (4707) .

(2) أبو داود بە ژمارە (14) وە تیرموذی بە ژمارە (14) ڕیوایەتیان کردووە، وە شێخ ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بروانە : بروانە : صحيح الجامع الصغير، ژمارە (4652) .

(3) موسلیم بە ژمارە (281) ڕیوایەتی کردووە، هەر بەو شێوەیە بوخاریش بە فەرموودەی ژمارە (239) ڕیوایەتی کردووە، مەبەست لە ووشەی ( الراكد ) ئاوێکە کە وەستا بێت ونەڕوات .

(4) بوخاري بە ژمارە (154) لەفزەکەش لەفزی بوخاریە، وە موسلیمیش بە ژمارە (267) ڕیوایەتی کردووە .

وە حەرامە مرۆڤی موسڵمان لە سەر ڕێگای خەڵکی ولەسێبەر وباخچەی گشتی و ژێر درەختی بەردار وسەر کانی و چەشمەی ئاو میز وپیسایی بکات، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە موعاذی کوڕی جەبەل ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { اتقوا الملاعن الثلاث : البراز في الموارد, وقارعة الطريق, والظل } [(1)] .

واتا : خۆتان بپارێزن لەو سێ شتەی کە دەبنە هۆی نەفرینی کردنی خەڵکی لێتان : پیسایی کردن لەسەر کانی وچەشمەی ئاو خواردنەوەی خەڵکی، وە لەسەر ڕێگای خەڵکی، وە لە سێبەری درەختێك کە خەڵکی لێی دادەنیشێت .

هەروەها ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { اتقوا اللاعنين, قالوا : وما اللاعنان يارسول الله ؟ قال : الذي يتخلى في طريق الناس، أو في ظلهم } [(2)] .

واتا : خۆتان بپارێزن لەو دوو شتەی کە دەبنە هۆی نەفرینی کردنی خەڵکی لێتان، ووتیان ئەی پێغەمبەری خوا ئەو دوو شتەی دەبنە هۆی نەفرین کردنی خەڵکی چین ؟ ئەویش فەرمووی : ئەو کەسەی کە لەسەر ڕێگای خەڵکی میز وپیسایی دەکات، یان لە سێبەرەکەیان .

هەروەها حەرامە لەکاتی لەسەر ئاو بوون قورئان بخوێنرێت، وە حەرامە مرۆڤی موسڵمان بە تەرسەقولی ووڵاخ وئێسك و خواردنێکی ڕێزدار خۆی پاك بکاتەوە، چونکە جابری کوڕی عەبدوڵا ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە و دەڵێت : { نهى النبي ( صلى الله عليه وسلم ) أن يتمسح بعظم أو ببعر } [(3)] .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ڕێگری کردووە لەوەی مرۆڤ خۆی بە ئێسك یان بە پشقلی ئاژەڵ پاك بکاتەوە .

وە حەرامە مرۆڤی باوەڕدار لە نێو گۆڕستانی موسڵمانان میز وپیسایی بکات، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { لا أبالي أوسط القبور قضيت حاجتي، أو وسط السوق } [(4)] .

---

(1) أبو داود بە ژمارە (26) وە ابن ماجە بە ژمارە (328) ڕیوایەتیان کردووە، وە سەنەدەکەی سەنەدێکی حەسەن، بڕوانە : إرواء الغليل (100/1) .

(2) موسلیم بە ژمارە (269) ڕیوایەتی کردووە .

(3) موسلیم بە ژمارە (263) ڕیوایەتی کردووە .

(4) ابن ماجە بە فەرموودەی ژمارە (1567) ڕیوایەتی کردووە، وە شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە إرواء الغليل (102/1) .

واتا : چونه یەکە لە خراپی و نادروستیدا، کەسێك لە نێو گۆڕی موسڵمان میز وپیسایی بکات، هەروەچ خراپ و ناردوستە لە نێوەڕاستی بازاڕدا وەها کارێك ئەنجام بدات ..

## بابەتی چوارەم : ئەوەی مەکروهە و باش نیە ئەو کەسەی دەچێتە سەر ئاو ئەنجامی بدات :

مەکروهە وباش نیە میز کردن بەرەو ڕووی با، ئەگەر بەربەستێك لە نێوان تۆ و بادا نەبێت، نەوەك میزەکە هەڵپرژێت بەڕووی خۆت وجلوبەرگەکانتدا، هەروەها مەکروهە قسەکردن لەکاتی چونە سەر ئاو، چونکە پیاوێك بەلای پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) تێپەڕی کرد، لەو کاتەدا پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) میزی دەکرد، وەڵامی سەلامەکەشی نەدایەوە [(1)] .

وە دیسان مەکروهە میزکردنە ناو کون وکەلەبەر وهاوشێوەکانیەوە، ئەویش لەبەر ئەو ڕیوایەتەی کە قەتادەی کوڕی عەبدوڵا ( خوای لێ ڕازی بێت ) گێڕاویەتیەوە و دەڵێت : { أن النبي ( صلى الله عليه وسلم ) نهى أن يبال في الجحر، قيل لقتادة : فما بال الجحر ؟ قال : يقال : إنها مساكن الجن } [(2)] .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ڕێگری کردووە لەوەی میز بکرێتە ناو کون وکەلەبەرەوە، ووتیان بە قەتادە بۆچی کون ؟ ووتی : دەڵێن کون جنۆکەکان تێیدا نیشتەجێ دەبن .

هەروەها لەبەر ئەوەی پێدەچێت زیندەوەرێکی تیدا بیت وبەو کارە زیانی پێ بگات، یاخود ماڵ وجێگای جنۆکەکان بێت وناڕەحەت بن پێی .

وە مەکروهە مرۆڤی موسڵمان بچێتە سەر ئاو وشتێکی پێ بێت ناو ذیکری خوای تێدا بێت، بۆ نموونە ئەگەر هاتوو پارچە کاغەزێکی پێ بێت، یان قورئانێك لە باخەڵیدا بێت، یان موسیلەیەك کە ناوی خوای گەورەی لەسەر نەخشێنرا بێت، هەموو ئەمانە و هاوشێوەکانی مەکروهە مرۆڤ لەکاتی چوونە سەر ئاو هەڵیان گرێت، ئەویش بە بەڵگەی ئەو ڕیوایەتەی کە هاتوو و دەڵێت : " لأن النبي ( صلى الله عليه وسلم ) كان إذا دخل الخلاء وضع خاتمه " [(3)] .

(1) موسلیم بە ژمارە (370) ڕیوایەتی کردووە .

(2) أبو داود بە ژمارە (29) وە نەسائی بە ژمارە (34) ڕیوایەتیان کردووە، حافظی ابن حەجەریش لە پەرتووکی (التلخيص) دا نقلی بە صەحیحدانی لە ابن خزيمە و ابن عەساکرەوە کردووە (106/1)، شیخ ابن عثيمين یش ووتویەتی : بەلانی کەمەوە ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی حەسەنە ( الشرح الممتع 1/ 95 – 96 ) .

(3) أبو داود بە ژمارە (26) وە تیرموذی بە ژمارە (1746) ، وە نەسائی بە ژمارە (5228)،وە بان ماجە بە ژمارە (303) ڕیوایەتیان کردووە، أبو داود پاش ئەوەی تەخریجی کردووە دەڵێت : ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی مونکەرە، وە تێرموذیش ووتویەتی : فەرموودەیەکی حەسەن و غەریبە، وە شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی لاوازی داناوە، لەسەر ووتەی بەلاواز بوونی ئەم فەرموودەیە و نەگونجانی بۆ ئەوەی بکرێتە بەڵگە ودەلیل لەم بابەتەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا

واتا : چونکە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم )کاتێك دەچووە سەر ئاو موسیلەکەی دادەنا – لەبەر ئەوەی نەخشی محمد رسول اللەی لەسەر کێشرا بوو بۆ مرۆکردنی نووسراو و نامەکانی بەکاری دەهێنا - .

بەڵام لەکاتی زەرورەت و پێویستیدا قەیدی ناکات و گرفت نیە، وەك ئەوەی لە باخەڵتدا پارە و پوڵێك هەبێت و ناوی خوای لەسەر چاپ کرابێت، چونکە ئەگەر بێتۆ مرۆڤ لەگەڵ خۆی هەڵی نەگرێت و لە دەرەوەی سەر ئاوەکان دایبنێت ئەو کاتە پێدەچێت خەڵکانی تر بیدزن، یاخود خاوەنەکەی لەبیری بچێت بیخاتەوە باخەڵی .

سەبارەت بە موصحەف- قورئانی پیرۆز – حەرامە بردنە ژورەوەی بۆ سەر ئاو جا دیار بێت یان شارابێتەوەش، چونکە کەلام و گوفتاری پەروەردگارە، کەلام و گوفتاری پەروەردگاریش پیرۆزترین کەلامە و نابێت ببرێتە شوێنی بێ رێز ونەشیاوەوە، خوای گەورەش زاناترە ..

---

باشتر و چاکتر وایە مرۆڤی باوەڕدار بۆ زەرورەت نەبێت کە ڕۆیشتە سەر ئاو هیچ شتێکی پێ نەبێت ناو و یادی خوای گەورەی تێدا بێت، لەبەر ڕیز وحورمەتی ناوی خوای بەرز و پیرۆز ..